# هەڵ بژاردنەکانی عیراق لەژیر هەر ناویکدا بیێت نۆینەرایەتی خەڵکی عیراق ناکات

## هەڵبژاردن لەژێر سایەی داگیرکاری ئەمریکاو هەرەشەی چەکی میلیشیا ئیسلامیو نەتەوەپەرستەکاندا شەرعیەتی نی یەو تەعبیر نی یە لە دەنگی ئازادانەو هوشیارانەی خەڵك بۆ دیاریکردنی شێوازی دەوڵەتو حکومەتی ئایندەی عێراق.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق _رێکخراوی بەریتانیا زنجیرەیەك خۆپشاندان و کۆبوونەوەی نارەزایەتی و چالاکی جۆراجۆر لەلەندەن وە شارەکانی دەوروبەری ئەنجام ئەدات لەپێناو بەرگرتن بە بەدیلی کۆنەپەرستانەی هیزە ئیسلامی و قەومییەکان و داروەدستی ئەمریکا کە سەرچاوەی نائەمنی نەبوونی ئازادی وتیرۆر وتەقاندنەوەن.

گیرانەوەی مەدەنیت بۆ خەڵکی عیراق و چوونە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا،بەدەستەوە گرتنی دەس بەجێ ئیدارەی کۆمەڵگا لەلایەن خەڵکی عیراق خۆیانەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتی دلخوازی خۆیان خواستی هەر ئیستای خەڵکی عیراقە .

ئەم هەڵبژاردنە هیچ مەرجێکی هەڵبژاردنی ئازادانەی تێدا نی یە، تەنها کاریکاتۆرێکە بۆ شەرعیەت دان بە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقو بە حکومەتی ئیسلامی قەومی دەست سازی ئەمریکا.

هەڵبژاردنی ئیستا  خواستی خەڵکی عێراق بۆ رزگاری لە داگیرکاری ئەمریکاو دەست راگەیشتن بە نانو ئاسایشو ئازادیو حکومەتێکی سکولار لەژێر پێ دەنێت.

ئەم هەڵبژاردنە مافی خەڵکی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی ئازادو گشتی بۆ وەڵامدانەوە بەپرسی سەربەخۆیی ئینکار دەکات، ئەم هەڵبژاردنە بە بێ رەزامەندی خەڵکی کوردستان  بەزۆر راپێچیان دەکاتەوە بۆ ژێر سێبەری دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی لە عێراق.

وەرن لەگەل ئێمە لەم چالاکیانە دژ بە برۆسەی  بەناو هەڵ بژاردن بەشداری بکەن: وەرن لەگەڵ ئێمەو پێکەوە با بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی خەڵکی ئازادیخوازی عێراقو کوردستان لە دژی گاڵتەجاری هەڵبژاردن،ئەو چالاکیانە بەهێزو شکۆمەند بکەین.

**رۆژی دووشەمە :27-12 کات ژمیر (5)ئیێوارە  لەشەقامی ئیجاوارد رۆد مێزکتاب دائەنەین ،  تا کۆتایی مانگی جەنیوەری ئەم چالاکیانەو چەندین چالاکی دیکە بەردەوام دەبێتو لە راگەیاندنەکانی داهاتووماندا بەردەوام ئاگادارتان دەکەینەوە.**

**نزیکترین ئیستگای قیتاری:** Marbl Arach **لە سەر خەتی سور**

## خۆپشاندانی نارەزایەتی دژ بەهەڵ بژاردن لەبەردەم کۆنسلیەی عیراقی لە لەندەن

**رۆژی** 28-1 -2005**کات ژمیر** :12-3 **ئیێوارە نزیکترین ئیستگای قیتاری نایس بریج لە سەر خەتی پیکادلی لایەن( شینی تۆخ)**

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق \رێکخراوی بەریتانیا**

2004-12-21

---

**بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بکەن بە دەشتی جەمال بەژمارەی** (07734704742) **یان محسن کەریم بەژمارەی** (07835074608)

www.wpiraq.net